کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
27-9-2007 23:29بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**بەم شێوەیە بژی ... ئاسۆ هەڵەبجەیی**



1. باوەڕت بەخۆت هەبێت کە توانای ئەنجامدانی کارو و چارەسەری کێشەکانت هەیە.
2. کێشەکانت چارەسەر بکە کاتێك دێنە ڕێگای کارو ژیانت وەك خۆی مەیانهێڵەوە.
3. هەموو ڕۆژێك چەند ساتێك خەڵوەت وەربگرە و بیر لەخۆت بکەرەوە بزانە لەژیاندا لەکوێدایت.
4. بێ ئومێدی وبەدەست نەهێنان لەقاموسی ژیانی خۆتدا پاکی بکەرەوە.
5. ڕێگرو کۆسپ دامەنێ لە ڕێگایی بیرکردنەوەتدا.
6. کاتێك ڕێگرێك دێتە ڕێگات ستراتیجت بەهێزتر بێت، ئەگەر توانیت هەوڵی گۆڕینی بدە بەهۆیەوە ژیانت هەموو دەگۆڕێت.
7. ئەگەر ئارەزووی ئەنجامدانی کارێك یان بیرێکت هەبوو بەهەموو حەزی خۆتەوە سەرگەرمی مەبە چونکە، ئەگەری لەدەست دانی هەیە لەدوایدا دەبێتە مایەی دڵ تەنگی و ڕەشبینی.
8. کارو کاتەکانت ڕێکبخە چونکە نارێکی وچەنجاڵی دوودڵی و ناحەزی لەکاکردن دێنێتە کایەوە.
9. لەژیاندا لەڕەشبینیدا تەقلیدی هیچ کەس مەکە.
10. هەبیرێکت هەیە بەگران وەری مەگرە تاوەکو لەسەرت گران نەیەت.
11. بێگومانبە سەرکەوتن و تەندروستی چالاکی جەستەو ئازادی دەروون ورۆحت بەدەستی خۆتە.
12. ترست نەبێت لەشتێك یان ڕوداوێك کەرووی نەداوە و وەك خەیاڵ وایە.
13. ڕاستەخۆ حەساسیەتت نەبێت بەرامبەر بەرهیچ کەس وئەنجامدانی کارێك لە باشی و خراپیدا.
14. هەرگیز تێگەیشتنی خۆت بۆ هەموو ڕووداوەکان لەبیرنەکەیت.
15. هەرکارێك کاتی خۆی هەیە بۆ تەواو بوونی پێویستە خێرانەکەیت لەئەنجامدانیان.
16. چاوەڕوانی خێرو خۆشی ئومێد بکە لەژیانتدا دێتە ڕێگەت.
17. ژیانت وەها لێمەکە کەپارچەیەك بێت لەناخۆشی ببێتە هۆی دووركەوتنەوەی چەندان هاورێ کەلەوانەیە پێویست بن بۆ ژیانت لەداهاتوودا.
18. لەبیرت نەچێت کەبیرکردنەوەی هەمیشەییت بۆ سەرکەوتن خۆی لەخۆیدا سەرکەوتنە.
19. هەمیشە لەکەسێتی وخەیاڵی خۆتدا خۆت لەهەمووان بەسەرکەوتوو تر دابنێ.
20. لەچاوی خۆتەوە خۆت گەورە نیشان بدە بۆ ئەوەی ڕێزی خۆت لەبیر نەکەیت.
21. هیچ کارێك مەکە کەشیاو جوان نەبێت چونکە ئەوە سیفەتی کەسانی کامڵ بیروهۆش و بەرزە.
22. زۆر لەسە ربیروبۆچونەکانی کەسانی دیکە قسەمە تاوەکو زۆرت لەسەر نەڵێن تەنها کاتێك نەبێت بزانیت پێویستە.
23. ئاگاداری گەورەیی و کەسێتی خۆت بکە ئەگەر بۆ بچوك ترین شتیش بێت.
24. باسی چاکەی خەڵکان بکەو بۆ خاڵە جوانەکانیان بگەڕێ.
25. ئەوەش بزانە کەسروشتی مرۆڤ لەجەوهەیدا وەك یەك وایە پۆلێن نابێت بە جیاوازی ڕەگەزو نەتەوەوبیرباوەڕ.
26. باشترین ڕێگا بۆئەوەی کاریگەرت لەسەر خەڵك هەبێت باس لەشتانێك بکە کەخەڵك پێخۆشە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
27-9-2007 23:29بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

27.هیچ شتێك جوان وناشرین نابێت لەكارو كردەوەدا تاوەكو، مرۆڤ بیرێك و ووێنەیەكی بۆ دانەرێژێت.

28.رێگایی چوونە ناودڵی هەركەسێك ئەوەیە كە بەوشێوەیە قسەی بۆ بكەیت كەئاسانكاری بێت لە سەر دڵ ودەرونی.

29.هەركەسێك كەپێت دەگات بەلایەنی كەمە لەلایەنێكدا سودت پێدەگەیەنێت بۆ سەركەوتنت لەژیاندا هەوڵ بدە بەخێرایی لێوەربگریت.

30.باسی هەركەسێك بۆخۆی بكەیت، دەتوانیت خۆشەویستی بەدەست بهێنیت.

31.بەسود بۆت دەگەرێتەوە ئەگەر بیركردنەوەت هەموو كات ئیجابی بێت.

32.وەك راستیەك ئەوەت لاڕوون بێت كەتەنها كەسێك نیت كێشەو گرفتت هەبێت.

33.

ئامادەكردنی ئاسۆ هەڵەبجەیی:asohalabjai@yahoo. com
مامۆستا لەكۆلێژی پەروەردەی وەرزشی asohalabjai@gmail. com
زانكۆی سەلاحەدین – هەولێر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.